

# دوورگەی منالە ئاوییەکان

ئاكۆ كەریم مەعروف

لەوبەرەوە كە ماسیگرەكان لەبەردەم كەشتییە تێكشاوەكاندا خەریكی هەڵكێشانی تۆڕەكان بوون، پیرەمێردێك كە تەمەنی لەكەنار دەریادا بردبووە سەر لەبەرخۆیەوە وتی: دنیایەكی سەیرە.. جاران تۆڕەكان كە فڕێدەدرانە دەریاوە پڕدەبوون لەمناڵو مرواری.. ئێستا ماسیگرەكان بەدڵی شكاوو دەستی خاڵییەوە دەگەڕێنەوە، رەنگە خودا خەریكی حیكمەتێكی تر بێت بۆ گۆڕینی یاساكان..؟!

سالأنێك بوو ئەو ئەو دەمەی كەشتیوانەكان لەڕاوی بەتاڵ دەگەڕانەوە لەكەناری دەریاكە دادەنیشتو بۆ تەنیایی خۆی دەگریا، تەنیایی رۆژگارێك بێئەوەی جارێك لەجاران، یاخود رۆژێك لەڕۆژان لەسەفەری دووری دەریاو جۆگەلەیەك پەڕیبێتەوە.

پیرەمێردەكە كە خۆی بەخوداوەندی دەریا دەزانی بەماسیگرێكی وتبوو، ئێوە هەمیشە بەشوێن رووبارو دەریاكانەوەن، ئێوە هەمیشە رادەكەن وەك ئەوەی لەدۆزەخ هەڵبێن، بەلأم من دەریا

هەڵوەدای دۆزینەوەی منەو منیش بەشێکم لەخەیاڵی دەریاو رووبارەکان، من خەون دەبینمو بەهیچ تۆڕێکی دونیا راوناکرێم.

بۆ بەیانییەکەی، ماسیگرەکە چیرۆکی دوێنێ شەوی بۆ کەشتیوانەکان گێڕایەوە، لەنیوەی رێگەی دەریادا بوون بەدەم شەراب نۆشینو تۆڕهەڵدانەوە نغرۆ بوون.

ئەو کات کە هەواڵی نغرۆبوونی کەشتیەکە گەیشتە پیرەمێردەکە منالێك بەفانۆسێکەوە لەبەردەمیدا وەستاو پێیگووت، باپیرە کەشتییەکە نەگەڕایەوە..!.

لەڕووخساری منالەکەی روانی، ناسییەوە، ئەوە دوا منال بوو لەشەوی مەستیو شەراب نۆشیندا دەستی باوکی گرتبوو، بەدەم ڕێوە چیرۆکی دەریاوانە سەرکێشەکانی بۆ باوکی دەگێڕایەوە.

لەدوای کەمێك لەسەرنجو تێڕامان فانۆسەکەی لەدەستی وەرگرتو پێیگووت، لەمەودوا هیچ کەشتییەك بەئارامی ناگەڕێتەوە منالەکە بەدەم گریانەوە پێیگووت، باشتر هیچ کەنارێك ئارام نییە.

ئەو شەوە کە پیرەمێردەکە گەڕایەوە ماڵەوە، بڕیاریدا دوا پەنجەرەی بەڕووی دەریادا دابخات، بەرلەوەی بۆ دواجار چاوەکانی بچنە نێو خەونێکی قوڵەوە، لەبەرخۆیەوە وتی: نەدەبوایە ئەو نهێنییە بدرکێنم..!.

منالەکە ئەم خەونەی بۆ باوکی گێڕایەوە، باوکی کە خەریکی کۆکردنەوەی تۆڕەکان بوو پێیگوت، لەئێستاوە دەتوانی لەگەڵمدا بێیت، تۆ دەتوانی رێگەکانی دەریا بدۆزیتەوە.

لێرە بەدوا منالەکە بوو بەخەونی دەریاکانو بۆ جارێکی تر وشکانی نەدییەوە، بوو بەئەفسانەیەك کە دەماودەم کەشتیوانەکان بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە، دەیانگووت، بەئارامیو مەنگی دەریادا دەزانێ چ ئاشووبێك لەسەر زەوی بەڕێوەیە، بەزریانو باو بۆراندا دەیزانی چ بەدبەختیو غەدرێك لەمنالەکان دەکرێ، ئەفسانەی ئەو منالە بوو بەنیشانەیەك کە تەنانەت باوەڕدارەکان بڕوایان بەوە هێنابوو کە خودا وێنەی خۆی لەو منالەدا دەبینێتەوە.

لەدوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر دوا گەشتی ئەو منالە وشکە ساڵیو قاتو قڕی دەستییپێکرد، تاوەکو دوای نیوەڕۆیەك ئەو کاتەی دوا دڵۆپی ئاو لەچاوی پیرەمێردەکەدا بەوشکی دەبینرا، پەڵە هەورێك بەڕەنگی شینی دەریا لەکەنارە دوورەکانەوە دەرکەوت، لەگەڵ نزیکبوونەوەیدا سێبەری هەزاران منداڵ ئەو ناوەی دادەپۆشی، ئەو رۆژە پیرەمێردەکە دوا موعجزەی بەچاوی خۆی بینی، لەگەڵ هەڵکردنی گەردەلوولێك کە بۆنی لەدایکبوونێکی تری لێدەهات بۆ ماوەی چەند رۆژێك لەئاسمانەوە منال دەباری.

پیرەمێردەکە بەدەم پێکەنینەوە کە سەیری ئاسمانی دەکرد منالێك بەگریانەوە کەوتە باوەشی، لەولاترەوە کەشتییە شکاوەکان وەك دوورگەیەکی دوور پڕدەبوون لەمنداڵو هەندێکی تریان دەکەوتنە ناو ئینجانە خالییەکانو هەندێکی تریان هەر بەدەم بارینەوە پیردەبوونو دەبوونە دۆزەخ.

لەدوای چەند رۆژێك لەگەڕانەوەی کەشتییەکان منالەکە ئەو خەونەی بۆ پیرەمێردەکە گێڕایەوە، پیرەمێردەکە پێیگووت، ئێستا دەتوانم ئێرە جێبێڵم، دەمێکە چاوەڕوانی گێڕانەوەی ئەم خەونە بووم.